## پێشبرکێی کوردستان نێت بۆ کورتەچیرۆک لە 7-11 تاکو 11-11-2005

### مەرگی تارا ... دانا مستەفا سالّح

ئەگەرچی نزیکەی پێنج ساڵە لەبەرچاووم ون بووە بەڵام تائێستا وێنە و زەردەخەنە و یادگارەکانی لەدڵ وهەناوی مندا هەر بەزیندوویی ماونەتەوە، تاکە کەسێک کە هەرگیز شێوەی لەبەرچاووما وون نابێ، نە دوویێنێ و نەئەمڕۆونەسبەینێ. تاکەدیاری سرووشت بۆ منی جەرگ سووتاوی دڵ بریندار تەنها ئەو بوو بەڵام زۆری نەبردسرووشت بۆلای خۆی بردەوە، لەپاش ئەوەی لە ناو قووڵایی هەست و سۆز و ویژدانی منا خۆشەویستیەکی گەورەی خولّقاند، لەدوای ئەوەی ئێمەی کردە دوو دڵخواز لێکی دابڕاندین ئەوکەسەی بەمەرگ شاد کرد کەتەنها هاورێ وتەنها کەسێک بوو لێم تێ ئەگەیشت. زوڵم و ستەمی سرووشت چەند بێ ئەندازەیە؟؟؟

تارا هەرگیز ڕۆژێ لەڕۆژان پێی نە وتبووم نەخۆشە، من نەم دەزانی ئەو نەشتەرگەریەکی مەترسی داری لەپێشە، ، ئەوەی زانیم تەنها هەواڵی ئاوابوونی جوانترین وگەشاوەترین ئەستێرە بوو لە ئاسمانی تاریکی منا، ئەوەی خوێندمەوەوبەردەوامیش ئەیخوێنمەوە ئەو چەند وشەیەیە کە تارای خۆم لەپێش مەرگیا بۆی جێ هێشتووم:

ئازیزەکەم، ، ئەگەر ئەپرسی لێم چەنێکم خۆش ئەوێی ئەوا من نازانم چۆن چۆنی وەڵامت بەمەوە، سوێندبەجوانی ئەو ئەستێرانەی کە لە ئاسماندا ئەدرەوشێنەوە، بەدایکم کە لەمن زیاتر کەسی تری نیە، ئەوەندەم خۆش ئەوێی زیاتر لەخۆم، ، ئەزانم تۆش چەنێکت خۆش ئەوێم؟؟هەموو کاتێک لەچاوەکانتا پاکی و ڕاستیم خوێندۆتەوە،

من کوورتە سەفەرێکم لەبەرە، دڵنیانیم کەی دێمەوە، گەر دوا کەووتم گلەیم لێ نەکەیت، گەر ناچار نەبوومایە هەرگیز جێم نەدەهێشتی، ئاگات لەخۆت بێ....

نزیکترین خۆشەویستت تارا

تارا ڕۆیشت و بۆهەتایە چاووی لێک نا، لەدوای خۆی دایکێکی جەرگ بڕاووبێ کەس و عاشقێکی تەنهای کۆست کەووتووی جێ هێشت.......